گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# پێکهاتە و داڕشتەی ئاواز لە فۆرمی سیاچەمانەی هەوراماندا: (خاڵ سیاو لەیل و خواڵەداد بە نموونە)

**ئارام عومەر محەمەد**
بەشی هونەرەکانی موزیک، کۆلێژی هونەرەجوانەکان، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان،عێراق.
aram.musicologh@gmail.com

**پ.ی.د. إحسان شاكر زلزله**
بەشی موزیک، کۆلێژی هونەرەجوانەکان، زانکۆی بەغداد، بەغداد.
ehsan.zalzala@cofarts.uobaghdad.iq

**پ.د. صابر بكر مصطفى**
بەشی باخچەی مناڵان، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق.
sabir.mustaf@univsul.edu.iq

**زانیاریەکانی توێژینەوە**

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن:٢٠٢٣/٥/١٤
پەسەندکردن:٢٠٢٣/٦/١٥
بڵاو کردنەوە:پایز ٢٠٢٤

**ووشە سەرەکییەکان**
*Music components, Music Formula, Melody, Form, Syachamana.*

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.9.3.4

**پوختە**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە دەرخستنی تایبەتمەندی سیاچەمانە لەڕووی ئاواز و تێکست، هەروەها ڕوونکردنەوەی پێکهاتەی ئاوازی سیاچەمانە لە ڕووی ڕێڕەوی ئاواز و نۆتەی ناوەند و میانەی دەنگی و مەقام و دیاریکردنی دیاگرافی بینای ئاواز. گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە توێژەران هەوڵدەدەن بە وردی و زانستی لەم فۆرمە تایبەتەی گۆرانی ناوچەی هەورامان بکۆڵنەوە و لەڕێی شیکارکردنی ئاواز و ڕیتم و تێکستی ئاوازەکە تیشک بخەنە سەر تێکرای پێکهاتەکانی. توێژەران بە پێی چەند پێوەرێک شیکاری ئاوازی سیاچەمانەیان کردووە ، لە ئاکامدا گەیشتونەتە چەند دەرئەنجامێک کە پەیوەستە بە ناوەڕۆک و پێکهاتەی ئاوازی سیاچەمانەوە، ئەم توێژینەوەیە پێکهاتووە لە پێشەکی و چوار بەش، بەشی

یەکەم بریتییە لە چوارچێوەی گشتی توێژینەوە، بەشی دووەمیش بریتییە لە ناساندنی جوگرافیا و مێژوو و زمان - دیالێکتی هەورامان، بەشی سێهەم بریتییە لە ڕێکارەکانی توێژینەوە، لە بەشی چوارەمی توێژینەوەکەش چەندین دەرەنجام و ڕاسپاردە و پێشنیار خراونەتە ڕوو لەگەڵ پوختەی توێژینەوە بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی.

## ١-١ پێشەکی:

هەورامان، یەکێکە لەناوچە دێرینەکان و خاوەن کولتور و موزیکێکی زۆر کۆنە، تا ئێستاش توانیویانە ڕەسەنایەتی خۆیان بپارێزن، ئەگەر چی ئەوانیش بەر شاڵاوی جیهانگەرایەتی کەوتوون و تا ڕادەیەک کاریگەری لەسەریان هەبووە، بەڵام هێشتا کاتی ئەوە ماوە ئەو کەرەستە خاوەی گۆرانی هەورامی کە ماوە کۆبکرێتەوە و کاری دڵکارانەی لەسەر بکرێ، گرنگترینیان سیاچەمانەیە، ناوچەي هەورامان هەوڵی داوە بەڕووی داگیرکارییەکان و جیهانی ئەمڕۆی جیهانگیریدا بوەستێتەوە، یەکێکە لەو ناوچانەی کە بە پاکی و نەشێوێنراوی و ڕەسنییەت زۆرتر دەناسرێتەوە (نەزیری، ٢٠٠٦، ١). بەراورد بە ناوچەکانی دیکەی کوردستان، هەورامان دەوڵەمەندە بە ماتریاڵەکانی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، گۆرانیش یەکێکە لەو بەشە زیندووەی بەچەندین شێوە و ڕەنگ خۆی دەنەخشێنێ و کاتێک گۆرانی هەورامی بە هەموو شێوەکانیەوە لەگەڵ گۆرانی شوێنەکانی دیکە بەراورد دەکەین بۆمان دەردەکەوێت کە تایبەتمەندییەکی ئەفسوناوی لە گۆرانی هەوراماندا هەیە کە لە گۆرانی شوێنەکانی دیکەی کوردستاندا کەمتر بەدی دەکرێت. (لوقمانی، ٢٠١١، ١٥٩)

پێکهاتە بنچینەییەکانی موزیک، ڕۆڵی بەرچاو دەگێڕن لە ڕێکخستنی ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤدا، بۆ نموونە هەناسەدان و ڕێکردن و وتوێژکردن و هەڵسوکەوتەکانی دیکەی مرۆڤ هەڵگری جۆرێک لە ڕیتمی تایبەتن. (ڕەشید، ٢٠١٩، ١٤٢-١٤٣) لەنێویشیاندا پێکهاتەی ئاواز بەشێکی گرنگە لە پێکهاتەکانی موزیک و گۆرانی، کە لە نێو سروشتدا بەشێوەیەکی ڕوون دەردەکەوێت، مرۆڤەکان سوودیان لێ وەرگرتووە بۆ داڕشتنەوەی موزیکەکەیان. (هرمز، ٢٠١٠، ٤٣)

لەلای میللەتی کورد ئاواز و ڕیتم، ئامرازێک بووە بۆ ڕێکخستنی کارو کردەوەکانی و دەربڕینی خۆشی و خەمەکان لە هەمانکاتدا. (شاکراغا، ٢٠٢٢، ١٤٨)، بوارەکانی موزیك و گۆرانی کوردی گەلێک فراوانە و فۆرمە موزیکی و شێواز و گۆرانیەکان فرە چەشنەن. ژینگەی جوگرافی وەک (سروشتی جوگرافی، مێژوو، کولتوور، سروشتی پیشە و شێوەزار)ە جیاوازەکانی هەر ناوچەیەک ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینێت لە جیاکردنەوەی ئاوازە میللییەکان. (شاکراغا، هەمان سەرچاوە، ١٥٠)

**٢-١ کێشەی توێژینەوە:**

سیاچەمانە دیارترین فۆرمی نێو پێکهاتەی گۆرانی ناوچەی هەورامانە، مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ دیرۆکی ئاڤێستا و زەردەشتییەکان. ماگاکان (پیاوانی ئایین)ی تیرەی ماد، وەک ئەرکی ئایینی سەرشانیان هەموو سروودەکانیان لەبەر بووە و بەئاوازەوە خوێندوویانە (کوێخا ڕۆستەم، ٢٠٢١، ١٤٦).

یەکەم هەوڵی گەوهەردار (جوهر)ی بۆ کۆکردنەوە و نووسینەوەی هێمای دەنگی (Transcription) و شیکردنەوەی موزیکی کوردی لەلایەن موزسیانی ناوداری ئەرمەنی کۆمیتاس ڤارداپێت (١٨٦٩ - ١٩٣٥) درا (کۆمیتاس، ٢٠٢٠، ٦). تا ئێستا کاری مەیدانی موزیکۆلۆجی و ئێتنۆمۆزیکۆلۆژی بە تەواوی ئەنجام نەدراوە، بەو هۆیەشەوە زۆرێك لەخەرمانی موزیك و گۆرانی فۆلکلۆریی کوردی هەروەك بەشەکانی تری ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی زۆریان بەرەو فەوتان چووە.

هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە کە هیچ توێژینەوەیەک نەکراوە هاوشێوە بێت لەگەڵ ئەم ناونیشانە، هەوڵ و تێکۆشانی دیکەی کەم هەیە بۆ توێژینەوە لە موزیکی هەورامان بە ڕاستەوخۆ یان ناراستەوخۆ کە خوێندنەوەی بۆ کرابێت. جگە لەتوێژینەوەکەی (بەهمەن حاجئەمینی،٢٠٠٣) بەناونیشانی (موزیکی کوردانی هەورامان – دەنگرێژی و شیکاری) و توێژینەوەکەی (مهدی احمدی، ٢٠١٢) بە ناوی (سیاوچەمانە)، کە تا ڕاددەیەک توێژینەوەکەیان گشتگیرە، دەتوانرێت تێبینی بکرێت کە ژمارەی ئەم توێژینەوانە زۆر کەمە، ئەمەش ئەوە ئەگەیەنێت کە زۆر لایەنی ئەم فۆرمە هێشتا نەزانراوە (نظری، ٢٠١٢، ٤). بۆیە توێژەران جەخت لەسەر دانانی بنەما زانستییەکانی پێکهاتە و داڕشتەی موزیکیی لەم توێژینەوەیە دەکەن، کە پێشتر بەم شێوە زانستییە باس لە داڕشتەی موزیکی و پێکهاتەی میلۆدی و ڕیتم و مۆرکی دەنگی و تێکستی ئەدەبی کە یاوەری دەربڕینی پێرفۆرمەنسی دەنگی دەکات لە فۆرمی سیاچەماندا نەکراوە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

### ١-٣ گرنگی توێژینەوە:

توێژەران هەوڵدەدەن بە ووردی و زانستی لەم فۆرمە تایبەتەی گۆرانی هەورامان بکۆڵنەوە و لەڕێی شیکارکردنی ئاواز و ڕیتم و تێکستی ئاوازەکە تیشک بخاتە سەر پێکهاتە سەرەکییەکانی سیاچەمانە. هەروەها گرنگی لەوەدایە کە دەبێتە سەرچاوەیەک کە لەپاشەڕۆژدا ناوەندە ئەکادیمییەکان سودی لێ وەربگرن.

### ١-٤ ئامانجی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە لە هەوڵی بەدیهێنانی ئەم ئامانجانەدایە:

1. دەرخستنی تایبەتمەندی سیاچەمانە لەڕووی ئاواز و پێکهاتە و داڕشتەی موزیکیی.
2. ڕوونکردنەوە و دەرخستنی پێکهاتەی ئاوازی سیاچەمانە لە ڕووی مەودای ئاواز و میانەی دەنگی و مەقام و دەنگ و دیاری کردنی شێوەگەل و ڕێڕەوی ئاوازەکان.

### ١-٥ ڕێبازی توێژینەوە:

توێژەران بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە پشتیان بە میتۆدی (وەسفی و شیکاری) بەستووە.

### ١-٦ سنوری توێژینەوە:

سنووری کات: سنووری ساڵەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە ساڵەکانی (١٩٨٠ تا ١٩٩٠).
سنووری شوێن: ناوچەی هەورامان.

### ١-٧ دیاری کردنی چەمکەکان:

#### ١-٧-١ پێکهاتەی موزیکی:

پێکهاتە لەموزیکدا بریتییە لە داڕشتن و دانانی بیرۆکەو دووبارە خستنەڕووی بە دیدێکی نوێوە لە نێو بەشە جیاکانی و هەروەها نێو میانەکانی موزیکی بۆ دیاریکردنی پەیکەری شاکارەکە. (الملاح،٢٠١٦، ٤-٥)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**١-٧-٢ دارشتەی ئاواز:**

دارشـــتەی ئـاواز  لە موزیکدا بریتییە لە لێکدانەوەیەکی ورد و  گەڕانێکی بەردەوام بە نێو جۆرەکانی ڕێکخســتن، هەروەها بریتییە لە شـێوازەکانی ڕێکخســتنی موزیک لەنێو بابەتگەلی هونەریی کە لە کۆی پرۆسەکەدا بریتی دەبن لە ڕێکخستنی یەکە موزیکییەکانی وەک (ڕیتم ، ئاواز و هارمۆنی). (تیتون، ٢٠١٨، ٧١)

**١-٧-٤ ئاواز:**

ئاواز: هەواو شێوازو شێوەی گوتنی سروود و گۆرانی بە گوێرەی سۆز و نۆتەی تایبەت. (تەقی و ئەوانیتر، ٢٠٠٩، ٢٨٣)

ئاواز بە واتای هەر دێڕێکی موزیکی دێت بە شێوەی ئاسۆیی. (Kim, 2011,7)

**١-٧-٥ فۆرم:**

لە موزیکدا فۆرم ئاماژەیە بۆ پێکهاتەی دانراوێک یان نمایشێکی موزیکیی. جێف تۆد تیتۆن Jeff Todd Titon لە کتێبەکەیدا بە ناوی *Worlds of Music*، پێشنیاری ئەوە دەکات کە "کۆمەڵێک توخمی ڕێکخراو هەن ڕەنگە پێکهاتەی فۆڕمی پارچە موزیکێک دیاری بکەن، وەک (ئەرێنجمێنتی یەکە موزیکییەکان، ڕیتم، مێلۆدی، هارمۆنیەک کە یان دووبارەبوونەوەی یاخود ڤارییەشنی تێدابێت)". هەروەها ڕێکخستنی ئامێرەکان وەک لە (ڕیزبەندی سۆلۆکان لە نمایشێکی موزیکی میللیدا) تیبینی دەکرێت، یان شێوازی ڕێکخستنی جوڵەیەکی سیمفۆنی لەنێو جوڵەکانی تردا جیاوازتر دەربخات و پێکهاتەیەک بخاتە نێو بۆتەیەکەوە و بۆ ئەوەی ئەزموونێکی موزیکی مانادار بۆ گوێگر بەرجەستە بکات"(Titon, 2016, 32).

**١-٧-٦ سیاچەمانە:**

لەڕووی زاراوەوە سـیاچەمانە ووشـەیەکی تێکەڵەو پێکهاتووە لە دوو وشـەی جیاوازی سـیا + جامە، کە هەردوو ووشەکە فارسین، (سیا = ڕەش)، (جامە = جل و بەرگ). (عەباسی، ٢٠٠٨، ١٣٤)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## ٢- جوگرافیاو زمان و دیرۆکی ناوچەی هەورامان:

### ١-٢ جوگرافیا:

هەورامان، ناوچەیەکی گەورە و شاخاوییە بەشێوەی سێگۆشە دەردەکەوێت لە نێوان شارەکانی سنە و کامێران و کرماشــان و هەڵەبجە و پێنجوێن (ئوســوڵیان، ٢٠١٥، ١٠٦)، ، هەریەک لە شــارەکانی (هەڵەبجە، مەریوان، پاوە) گۆشەیەکی ئەو سێگۆشەیە پێکدەهێنن...، بەشێوەیەکی گشتی هەورامان سەرزەمینێکی شــاخاوی و ســەختە، بەشــێکی بچووک لە تێکڕای زنجیرە چیاکانی زاگرۆس پێکدەهێنێت، ســەرجەمی بەرزی ناوچەکە لەڕووی دەریاوە لە نێوان (٣٠٠-٧٠٠م) دایە، ڕووبەرەکەشــی نزیکەی (٣٠٠٠-٣٥٠٠) کیلۆمەتر دووجایە (ڕۆســتەم، ٢٠١١، ١٨)، ڕەشــید هەورامی (١٩٧١): هەورامان دەکات بە چەند ناوچەیەکەوە وەک: (هەورامانی تەخت، هەورامانی ژاوەرۆ، هەورامانی لهۆن، هەورامانی شــامیان، هەورامانی جوانڕۆ). (هەورامی، ١٩٧١، ٣)

جەلیلی عەباســی (٢٠٠٨ ) بە شــێوەیەکی وردتر ئەوە دەخاتە ڕوو کە: هەورامان بۆ خۆی دابەش دەبێتە سەر دوو ناوچە، کە تا ڕاددەیەک جیاوازییان هەیە، ئەوانیش (هەورامانی تەخت) و (هەورامانی لهۆن)ە، کە کێوی (شــاهۆ) لە زنجیرە چیاکانی (زاگرۆس) لە یەکیان جیا دەکاتەوە و وەک دوو ناوچەی جیا دەردەکەون ... بۆ نموونە هەورامانی تەخت دابەش دەبێت بۆ چەند ناوچەیەک کە بە هەریەکەیان دەوترێت (چەم)، وەک هەورامانی تەخت، چەمی ژاوەرۆ، چەمی گاوەرۆ، (چەمی شــامیان = چەمی ڕەزاو)، چەمی دزڵی، کە هەر هەموویان سەر بە هەورامانی تەختن. (عەباسی، ٢٠٠٨، ٢٢-٢٣)

### ٢-٢ زمان – دیالێکت:

دیالێکتی گۆران لە شێوەزارە سەرەکییەکانی کوردییە. زارێکی ڕەسەن و هەرە کۆنە، هەر بۆیەش ئایینی یارسان لە سەدەی دووی کۆچی بە زاری گۆران نوێ بووەوە. لێرەدا ئەم گوزارشتە "نوێکرایەوە" گرنگی خۆی هەیە، چونکە دیارە کە ئەم ئایینە لە پێش ئایینی ئیسلام هەبووە (کاکەیی، ٢٠١٥، ١٠٩). ئەم دیالێکتە کە دەچێێتەوە سەر لقی باکوری ڕۆژئاوای زمانە ئێرانییەکان، وەک دیالێکتی (دیملی = زازایی) لە باکوری کوردستان لە تورکیا، بەڵام بە پێچەوانەی دیالێکتە کرمانجییەکان یان سۆرانییەکان، کە ئەو زمانە زمانی باشــوری ڕۆژئاوای ئێرانن و بەزۆرینەی کوردســتاندا بڵاو دەبێتەوە. لەڕابردوودا دابەشــبوونی جوگرافی گۆرانەکان زۆر فراوانتر بوو، بۆ نموونە زمانی ئەدەبی ناو کۆشــکی ئەمارەتی ئەردەڵان بوو، کە ســنووری

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

درێژ دەبۆوە بۆ دوورتر لە سنووری پارێزگای کوردستانی ئێستای ئێران. بەڵام لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم دوای کەوتنی ئەمارەتی ئەردەڵان زمانی گۆران وەک زمانێکی ئەدەبی وەستاو کاری پێنەکرا لە کۆشکەکان. (Gunter, 2004, 58-59)

دیالێکتی گۆران هاوسنوورییەکی بەربڵاوی لەگەڵ ناوچە و گەلێ لە دیالێکتەکانی زمانە ئێرانیەکان هەیە و کۆنترین شیعری کوردی کە مێژووەکەی بۆ پتر لە ١٢٠٠ ساڵ دەگەڕێتەوە، شیعری (باڵۆلی ماهی)ە کە بە دیالێکتی گۆران نووسراوە (عوسمان، ٢٠١٠، ٢٩٢)، باڵووڵ قسەکانی بەشێوەی هۆنراوە و بەکوردی گۆرانیی، لەپەرتۆکێکیدا بە ناوی "دەورەی باڵووڵ"ەوە تۆمارکراون. (نەبەز، ٢٠١٩، ٥٧)

لەبارەی دیالێکتی گۆرانی/ هەورامی ڕێکەوتنێک نییە لەسەر ڕاوبۆچوونێک کە ئەم ژانرانە لە چ کۆمەڵەیەکدا ناو بنرێن، لەو کاتەدا کە زۆرینەی زانایانی زمانەوانی ڕۆژئاوا بەم کۆمەڵەیە دەڵێن دیالێکتی گۆرانی و وا پێناسی دەکەن کە لەڕووی زمانەوانییەوە جیاوازە لەزمانی ڕاستەقینەی کوردی، لەگەڵ ئەوەشدا زانایانی زمانەوانی کورد هاوڕان لەسەر دانپێدانان بەوەی کە زۆرینەی ئەوانەی کە بەم شێوەزارە دەدوێن خۆیان وەک کوردێک پێناس دەکەن (Sheyholislami, 2015, 35). گۆرانی/هەورامیش ئەم مەڵبەندانە دەگرێتەوە: ژاوەرۆ، هەورامانی تەخت و نەوسوود و پاوە لە ئێران. تەوێڵە، بیارە، ئیلان پێ لە عێراق وهەندێ لە هۆزەکانی گۆران و هەوشار و خانەقین و زەنگەنە و سیامەنسوور لە ئێران و عێراقدا بەم زاراوەیە دەدوێن (بۆرەکەیی، ٢٠٠٨، ٢٦-٢٧). بەشێوەیەکی گشتی درەختی خێزانیی زمانی کوردی شێوەزاری هەورامی دەچێتە خانەی پۆلێنبەندی: کرمانجی باکوور: (هەکاری، بۆتانی، شەمدینانی، بایەزیدی، بادینانی، ڕۆژئاوایی). کرمانجی ناوەڕاست: (موکری، ئەردەڵانی، سۆرانی، سلێمانی، گەرمیانی). گۆرانی: (گۆرانی ڕەسەن، هەورامانی، باجەلانی، زازا). کرمانجی باشوور: (لوڕی ڕەسەن، لەکی، کەلهوڕی، بەختیاری، مامەسەنی، کۆهگلۆیی). (حەمەخورشید، ٢٠٠٨، ٧٥)

### ٢-٣ دیرۆکی ناوچەی هەورامان:

بە گشتی دەتوانرێ دێرینی هەورامان لە چەند لایەنێکدا کورت بکرێتەوە لەوانە (شوێنەوار، ئایین، زمان، موزیک وگۆرانی، جوگرافیای هەورامان)، هەر بۆیە هەورامان و شارەزوورو دەوروبەری دادەنرێت بە کانگای نهێنییەکانی فەرهەنگ و مێژووی کوردستان، کە چەندین پاشماوەی دێرینی تێدا هەیە و هەندێکی دۆزراونەتەوە و هەندێکیشی تا ئێستا هەر وەدەر نەخراون، بۆ نموونە چەندین قەواڵە و تاشەبەردی

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

نوسـراوی کۆن و شـوێنەواری میترایی و زەردەشـتی لەوێدا دۆزراونەتەوە (کاکەیی، ٢٠١٥، ٨٢-٨٣)، ئاسـەوارێکی زۆر لە ناوچەی هەوراماندا بەجێماوە کە ئاماژەیە بۆ شـارسـتانییەتی کۆنی ئەم ناوچەیە (بەیانی و شـەریفی، ٢٠١٩، ١٥٩). بە پێی کتێبە ئایینیەکان و سـەرچاوە مێژووییە باوەڕپێکراوەکان، خاکی پێشووی دانیشتوانی دێرینی بەرزاییەکانی زاگرۆس بەتایبەتی خەڵکی هەورامان ڕووبەرێکی فراوانی لە شارەزوور تا ژاوەرۆ و لە مەریوانەوە تا ئێستای ئیلام و پارێزگای لوڕستانی گرتۆتەوە ( UNESCO,2020, 12). ناوچەی هەورامان مەڵبەندێکی مێژووییە و لە ڕۆژگاری کۆندا شـەڕ و ململانێیەکی زۆری تێدا بووە بۆ نموونە لە هێرشـەکانی ئەسـکەندەر بۆ سـەر ئێران و هەروەها شـەڕ و پێکدادانی سـوپای ئیسـلام و سـاسـانیەکان تا ئەمڕۆش کۆمەڵێك شـوێنەواری مێژوویی لە هەورامان ماون، لەوانە: گۆڕی پیرشـالیار و شـوێنەواری ئاتەشـگەکان, هەروەها گۆڕی سـەید عبیدالله ناسـراو بە کۆسـەی هەجیج. (احمدی، ٢٠١٢، ١٦-١٧)

سـەبارەت بە مێژووی موزیکی هەورامی گرنگترین بەڵگە کتێبەکەی (شـمس قیس الرازي)ە بە ناونیشـانی (المعجم في معایر اشـعر العجم)، کە تیایدا دەڵێت: " جوان و لەبارترین کێشـەکان ((فەهلەویات))ە کە ئاهەنگدارەکانیان بەناوی ئەورامەنان یان هەورامی ناو دەبەن. شارەزایانی ئاهەنگ و ئاواز ئەم کێشـەیان بە گۆرانی ناوزەد کردووە و شـیعرە تەنهاکەشـیان بە (دووبەیتی) یان چوار خشـتەکی ناوبردووە" (حاج ئەمینی، ٢٠٠٢، ١٤). هەروەها جەلیل عەباسـی (٢٠٠٨) لەسـەر وشـەی (لحن اورامان) ئەوە دەخاتە ڕوو کە مەبەسـت لێرەدا ناوی ئاوازێکی هەورامی نییە، بەڵکو سـەرجەم هۆرە و سـیاچەمانەی ئەو سـەردەمە دەگرێتەوە (عەباسی، ٢٠٠٨، ٨٤). هەر بۆیە ئاین و سیاچەمانە دوو بەشی تەواوکەری یەکترین و هەردوو بابەتەکەش پەیوەسـتن بە دێرینی هەورامانەوە، چونکە سـیاچەمانە بەپێی بەڵگە مێژووییەکان ئاوازی بەرزەچڕی ئەو سرووتە ئاینیانە بووە کە لەسەردەمی ئایینی زەردەشتیدا وتراونەتەوە و بەڵگەی زیندوون لەسـەر ئەوەی کە ئاینی زەردەشـتی ئاینی کوردان بووە، بەم ئاوازەش ڕێوڕەسـمەکان جێبەجێ دەکران (هەورامانی، ٢٠١٤، ٦).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## ٣- ڕێکارەکانی توێژینەوە:

### ٣-١ ڕێبازی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە توێژینەوەیەکی چەندایەتی و چۆنایەتی، لەڕوانگەی شـیکارییەوە فۆرمی سیاچەمانە هەڵدەسەنگێنێ، واتا توێژەران پشت دەبەستن بە میتۆدی (وەسفی شیکاری).

### ٣-٢ نموونەی توێژینەوە:

لە پێناو دەسـتکەوتنی چەنـد نموونەیەکی گونجـاو بۆ بـابەتەکە، توێژەران گەڕان بەدوای چەنـد تۆمارکراوێکی گونجاو لە ڕووی کوالێتی باشـی (تۆمار) و (ڕوونی زانیاری لەسـەر تۆمارکراو)، پاشـان توێژەران هەوڵیان داوە گەڕانێکی مەیدانی ئەنجام بدەن لە هەردوو بەشی هەورامانی عێراق و ئێران، لە پێناو کۆکردنەوەی نموونەی ئەو سیاچەمانانەی کە لەگەرووی سیاچەمانەچڕانی نەوەی تەمەن مامناوەند و نوێ دەچڕدرێن، ئەوەی بەردەسـتە وەک نموونەی توێژینەوە بریتییە لە هەندێ کاسـێتی سـەردەمی کۆنی (شـەسـتەکان)و هەندێ تۆمارکراوی بەرنامەکانی کە ئەنجام دراون لە (TV)ە کوردییەکان و ئەو تۆمارکراوانەی کە توێژەران لەکـاتی چـاوپێکەوتنـدا تۆمـاریـان کردوون، لەگەڵ ئەو نموونـانەی کە لە توێژینەوە و کتێبەکاندا دەست کەوتوون. بۆ ئەم مەبەستەش توێژەران (٣) گرووپیان دەستنیشان کردووە، هەر گرووپێک پێکدێ لە (٣) سیاچەمانەچڕ، لێرەدا تەنها (٢) نموونە دیاری کراوە بۆ شیکارکردن بەشێوەی مەبەستدار (القصدیة) لەبەر ئەوەی کە یەکانگیرە لەگەڵ سنووری توێژینەوەکە.

### ٣-٣ شیکاری موزیکیی بۆ نموونەکان:

نموونەی ژمارە: ١ جۆری بابەت: سیاچەمانەی (خاڵ سیاولەیل – سەوزەی گەڵا گوێز)

سیاچەمانەچڕ : شەفیع کەیمنەیی نۆترێژ یان دەنگرێژ: بهمن حاجامینی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خاڵ سیاولەیل (سەوزەی گەڵا گوێز)




نموونەی ژمارە (١)

(حاج ئەمینی، ٢٠٠٢، ٤٣)

تێبینی: لە بنەمادا پێشتر ئەم نۆتەیە ساڵی (١٩٩٨) لەلایەن (بهمن حاج امینی) نووسراوەتەوە بەشێوەی دەستی بووە، لەم بارەشدا کوالێتی نۆتەکان زۆر باش نەبوون و ڕوون نەبوون، هەر بۆیە توێژەران جارێکی دیکە بە بەرنامەی (Music Score 4) نووسویانەتەوە.

**پێوەری شیکارکردن/ ١: دەنگ:**

A. چنینی موزیکی لە سیاچەمانەدا:

بەشێوەیەکی گشتی سیاچەمانە (مۆنۆفۆنی Monophonic)ە، چونکە تەنها یەک ڕستەی ئاوازەکە دەبیسترێت و هیچ سیاچەمانەچڕ و ئامێرێکی موزیکی هاوشانی ناکات، تەنانەت ئەو ساتەی کە دوو سیاچەمانەچڕیش پێکەوە سیاچەمانەیەک دەچڕن بەشێوەی وەڵام دانەوە بۆ یەکتری بەکارەکە هەڵدەستن نەوەک لە یەک کاتدا پێکەوە سیاچەمانە بچڕن.

B. شیکردنەوەی تێکستی سیاچەمانەی (خاڵ سیاو لەیل) لەڕووی مانا و پێکهاتەی شیعرییەوە.

*جائی هۆرێزە جە خاو نۆ سەوزەی گەڵا گوێز گیان بەر لە بیانەن ئازیز لەیل و ئای لەیل*

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

*تا گەیین بەیەک هۆ بێ مەیل باوانم جا ئاخیر زەمانەن ئازیز لەیل و ئای لەیل*

*فرە گێڵایمێ هۆ سەوزەگیان بەناو چنوورا ئازیز لەیل و ئای لەیل*

*هەردی داڵانی هۆ بێ مەیل باوانم گیان ڕووی شارەزوورا ئازیز لەیل و ئای لەیل*

واتا و لێکدانەوەی تێکست:

ئەوشیعرە لە بنەمادا بەبێ ناوئاخن بەم شێوەیەیە:

*هۆرێزە جە خاو بەر لە بەیانە    تا گەیین بە یەک ئاخر زەمانە*

*فرە گێڵایمێ بە ناو چنووردا    هەردی داڵانی ڕۆژشارە زوردا[1]*

**شیکاری تێکست:**

بەیتەکانی ئەم تێکستە شیعرییە پێکهاتووە لە (٤) بەیت، کە بە ووشەکانی (ئازیز لەیل و ئای لەیل) کۆتایی هاتووە. ئەو وشانەی کە لە تێکستەکەدا هێڵیان بەژێردا هاتووە، وشەگەلێکن کە لەلایەن سیاچەمانەچڕەوە زیاد کراون[2]، ئەم وشە زیادانە لە زۆر شوێندا واتادارن و وەک بەشێک لە تێکستی سیاچەمانەکە دێنە هەژمار. بەلابردنی وشە زیادکراوەکان، برگەی شیعرەکان هەمووی دەبێتە کێشی پەنجەی (١٠) برگەیی. بەڵام بە وشە زیادکراوەکانەوە دەبن بە کێشی (٥+٧) یان (١٢) برگەیی. سەرەوای شیعرەکان بە وشە زیادکراوەکانەوە گشتی بە پیتی (ل)ی نەبزوێنی (مەسنەوی – جووت سەروا) کۆتایی هاتووە، بەڵام ئەگەر وشە زیادکراوەکان نەبن، ئەوا بەیتی (١-٢) بەپیتی (ن)ی نەبزوێنی جووت سەروا کۆتاییان دێت، بەیتی (٣-٤) بە پیتی (ا)ی بزوێنی درێژی جووت سەروا کۆتاییان دێت.

1 - ئەم جۆرە سیاچەمانە (سیاچەمانەی سروشتی)یان پێ ئەڵێن، لێرەدا دۆست یان دولبەرەکەی شوبهاندووە بە (ڕەنگی بەرگی دارگوێز) کە بەشێ لە سروشتی جوانی هەورامانە، سیاچەمانەی زۆر هەن دەچێتە ئەم بوارەوە بۆ وێنە بەزمی (خاڵ خەنەین) کە شوبهاوە بە کەو یان ژەرەژ، کە خاڵ و مێڵەکانی ئەڵێی لە خەنەیان گرتوە، یان (کەژەڵ داد) کە ئەویش جۆرە ئاژەڵێکی سپی و ڕەشە، ئەوانە و زۆر بەزمی دیکە هەن دەچنە ئەو بوارەوە.

2 - لەبارەی وشە زیادکراوەکانەوە هیچ سیاچەمانەچڕێک نییە کە بتوانێت بە شیعری (١٠) برگەیی سیاچەمانە بچڕێت، بێ ئەوەی وشەگەلێکی بۆ زیاد نەکات. ئەگەر چی شیعری هەورامی لەسەر کێشی (١٠) برگەیی بێژراوە. ئەمە مانای ئەوە نییە کە سیاچەمانەچڕەکان کەم توانا بوون، بەڵکو خودی سیاچەمانە بەم شێوازە داڕێژراوە، کە دەبێت چەند برگەیەکی وەک (ئاخ لەیل، گیانم لەیل، ئازیز گیان و تۆ) پێ زیاد بکرێت. ئەم بۆچوونەش دەچێتەوە سەر ئەو باوەڕەی کە شیعری سیاچەمانە لەسەرەتادا کە چریویانە (١٠) برگەیی نەبووە. (ئەمینی، ٢٠٠٦، ٢٥)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**٢: ئاواز**

A. هێڵکاری ڕێڕەوی ئاوازی سیاچەمانەی (خاڵ سیاو لەیل).




هێڵکاری ژمارە (١): گرافی ڕێڕەوی دەنگەکانی سیاچەمانەی (خاڵ سیاو لەیل) لە ڕستەی ئاوازی (a)دا

ئەوەی ڕوونە لە هێڵکارییەکەدا ئەوەیە کە سیاچەمانەی (خاڵ سیاو لەیل) لە (٤) دەنگ پێکهاتووە، کە بریتین لە (لا – سی – دۆ - ڕێ) $(a^4 – b^4 – c^5 – d^5)$، ئەم (٤) دەنگەش بە نموونەی نۆتەی موزیک لەسەر پلیکانەی موزیک بەم شێوەیەی لای خوارەوە دەنووسرێت:



نموونەی ژمارە (٢)

لەهێڵکارییەکەدا تەنها یەک ڕستەی سیاچەمانەکە دیارە، کە خۆی لەبنەمادا (٣) ڕستەی سەرەکییە و پێکهاتووە لە ڕستەی $(a – a^1 - a^2)$، لە نموونەی ژمارە (١)دا دەستنیشان کراوە. جێی تێبینیە هەر سێ ڕستە سەرەکییەکەی سیاچەمانەی (خاڵ سیاو لەیل) ڕێڕەوی دەنگەکانی هەمان شێوەن و جێگیرن، لێرەدا توێژەران بە پێویستیان نەزانی هەمان نموونە دووبارە بکەنەوە، وەک بۆ ڕستەی یەکەم لە نموونەی ژمارە (٢) ئاماژەی پێدراوە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

B.   ئاماژەکردن بە مۆد یان مەقام یان پەیژەی ئاواز.

زۆر بە کەمی ڕێدەکەوێت کە موزیک یان گۆرانی هەورامی لە (٣) دەنگ زیاتر بێت، لەم سیاچەمانەیەدا بەپێی ئەو دەنگڕێژییەی بەردەســتە و تێبینی کراوە لەلایەن توێژەرانەوە، (٤) دەنگی ســەرەکی بەرچاو کەوتووە، کە ئەمەش ئاماژە دەدات بەوەی کە ئەم ســیاچەمانەیە لەڕووی مۆد یان مەقامەوە دەکەوێتە سەر ڕەگەزی نەهاوەندی (لا - حسێنی). وەک لە نموونەی ژمارە (٣)دا ئاماژەی پێدراوە:




نموونەی ژمارە (٣)

### ٣: هێڵی (پەراوێز)ی ئاوازی[3] (Melodic contour)

دیاریکردنی دیاگرافی بینای ئاواز و هەموو دێڕەکانی ئاوازەکە دەتوانرێت بەو هێڵانەی کە لەسەر پلیکانەکە کێشراون نیشان بدرێت. جووڵەی ئاواز کاتێک لە پاشماوەی نیشانە و توخمەکانی ڕیتمەکان دابېڕدرێت، ئاسانتر دەبینرێت. بۆ ئەم مەبەستە ئەگەر جووڵەی ئاوازی سیاچەمانەی (خاڵ سیاو لەیل) پیشان بدرێت ئەوا بەشێوەی ئەم کڵێشەیەی لای خوارە دەبیندرێت:

3 - هێڵی میلۆدی چەند جۆرێکی هەیە لەوانە شــێوازی جووڵەی ئاڕاســتە کراو بەرەو ســەرەوە وەک ئەم شــێوەیە (↗)، شێوەی دووەم بریتییە لە شێوەی ئاڕاستە بەرەو خوار وەک ئەم نموونەیە (↘)، شێوەی سێهەم ئاڕاستەی ڕێک یان هەمان دەنگی دووبارە وەک ئەم نموونەیە (→)، هەندێ کات ئاواز بە بڕێکی کەم بەرەو سەر و بەرو خوار دەجولێت وەک ئەم شێوەیە (^)، هەندێک جاریش ئاواز بازدانی زۆر گەورەتری هەیە وەک ئەم شــێوازە (^)، لەهەندێ شــێوەدا تێکەڵکردن ڕوودەدات لە نێوان جووڵەی بچووک و جووڵەی گەورەدا نموونە وەک دەنگەکانی سەرچوو بەشێوەی ڕەوت و خوارچوو بەشێوەی بازدان.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خاڵ سیاو لەیل




هێڵکاری ژمارە (٢): هێڵکاری ئاوازی خاڵ سیاو لەیل

ئەوەی کە ڕوونە ئاوازی (خاڵ سیاو لەیل) جۆری جووڵەی سەرچووی تیادایە، هەروەها جۆری خوارچووی تیایە، بەڵام بەشێوەی ڕەوتی نەوەک بازدان.

توێژەران تێبینی ئەوەیان کردووە کە جووڵەی ئاوازەکە زیاتر شـێوازێکی ڕەوتییە و کەمتر بازدانی تێدەکەوێت، ئەمەش پەیوەسـتە بە دێرینی فۆرمی سـیاچەمانە و کەمتر گەشـەی کردووە، بە هۆکاری ئەوەی کە ئاوازەکە سـینە بە سـینە هاتووە و گۆڕانکاری کەم تیایدا ڕویداوە، هەروەها لەم بارەدا سیاچەمانەچڕان زیاتر وردکردنەوە بە دەنگیان دەکەن لە نێوان چەند دەنگێکی دیاریکراو، کە هەندێ جار لە میانەیەکی زۆر کەمدایە وەک میانەی دووانی بچووک یان هەندێ جار دووانی کەم.

## ٤- پێرفۆرمەنسی دەنگی لە سیاچەمانەدا:

بەتوانایی و لێهاتوویی سـیاچەمانەچڕەکان لە سـاتی چڕینی سـیاچەمانەدا، بەپێی بۆچوونی خودی سیاچەمانەچڕانی کۆن و شارەزا، پشت دەبەستێت بە درێژی هەناسەوە لە ساتی چڕینی سیاچەمانە، چەند بتوانن برگە شیعرییەکان درێژ بکەنەوە، ئەوەندە لێهاتوویی کەسی سیاچەمانەچڕ دەردەکەوێت.

هەروەها نەبوونی ئامێرێک لە موزیکی هەورامانداا بە کردەوە ڕێگە نادات سـیاچەمانەچڕ لە کاتی نمایشـەکەدا پشـوو بدات و هەناسـەیەک هەڵکێشـێت. لە ئەنجامدا شـێوازی هەناسـەدان لە خوێندنەوەی سـیاچەمانە تایبەتمەندی تایبەتی هەیە. درێژی برگەکان یان فرەیزەکان پێویسـتی بە هەناسـەیەکی زۆر

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەیە لە لایەن سـیاچەمانەچڕەوە، ئەم بابەتی هەناسـەدانەش دەبێتە هۆی تێکچوونی ڕیتم و گرژی ناوەوەی سیاچەمانەکە. توێژەران هەر ئەمەش بە هۆکار دەزانن بۆ نەبوونی ڕیتمێکی جێگیر و دیار لەناو سیاچەمانەکاندا.

بۆ نموونە لە دەنگرێژی ژمارە (١) کە سـیاچەمانەچڕ تا چەندێک توانیویەتی هەناسـەی خۆی قەتیس بکات تا بتوانێت برگەیەکی شـیعری بچڕێت، بۆ هەر فرەیزێک یان برگەیەکی شـیعری سـیاچەمانەچڕ هەناسـەیکی قوڵ هەڵدەمژێت و پاشـان تا سـاتی تەواو کردنی برگەکە دیداتەوە وەک دەردەکەوێ لە هێڵکاری ژمارە (١).

نموونەی ژمارە: ٢ — جۆری بابەت: سیاچەمانەی بەرزەچڕ (خواڵەداد)

سیاچەمانەچڕ : عوسمان کەیمنەیی — نۆترێژ یان دەنگرێژ: مەهدی احمدی

سیاچەمانەی خواڵەداد



نموونەی ژمارە (٤)

(احمدی، ٢٠١٢، ٥١)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

تێبینی: لە بنەمادا پێشتر ئەم نۆتەیە کە نووسراوەتەوە، پیتەکانی تێکستەکە بە پیتی لاتینی نووسراونەتەوە، هەر بۆیە توێژەران جارێکی دیکە بە بەرنامەی (Music Score 4) نووسویانەتەوە و پیتی تێکستەکەیان گۆڕیوە بۆ پیتی کوردی.

**پێوەری شیکارکردن/ ١: دەنگ:**

A. چنینی موزیکی لە سیاچەمانەدا:

وەک پێشتر ئاماژەی پێدراوە کە سیاچەمانە (مۆنۆفۆنی Monophonic)، واتە تەنها ڕستەیەکی موزیکییە و هیچ هاوشانی ناکات.

B. شیکردنەوەی تێکستی سیاچەمانەی (خواڵەداد) لەڕووی مانا و پێکهاتەی شیعرییەوە.

*ئانە گیانەکەم مەکەروو خواڵەداو دوعای مەردنت (ئاخ لەیل) بەخوا هەرچی دەینم هەن ئازیز ئای کوڵی، ئاخ بە گەردنت (ئاخ لەیل)*

*لاکەرە لاوە خواڵەداو بینم جەمینت (ئاخ لەیل) با فەڵەک نەشێوەی خواڵەداو شێوەی ئاخ شیرینت (ئاخ لەیل)*

*دەردەکەت لە ماڵم شای شیرین شێوە (ئاخ لەیل) شێوەکەی نازداران خواڵەداو گشتت ئاخ ها پێوە (ئاخ لەیل)*

*نە ساڵ و نە مانگ ئاخ خواڵەداو نە حەفتە و شەو (ئاخ لەیل) بە خوا نە ساتێو ئارام، خواڵەداو نە دەیقەیێ خەو (ئاخ لەیل)*

*لا کەرە لاوە ئازیز ئای بینم جەمینت (ئاخ لەیل) جە لە سەر کام دینی یا بێمە سەر دینت (ئاخ لەیل)*

ئەو شیعرە لەبنەمادا بە بێ ناواخن بەم شێوەیەیە:

| | |
|---|---|
| *گیانە مەکەروو دۆعای مەردەنت* | *هەرچی دەینم هەن بەی وەگەردەنت* |
| *لاکەرە لاوە بین و جەمینیت* | *فەڵەک نەشێونۆ شێوەی شیرینت* |
| *دەردت لە ماڵم شای شیرین شێوە* | *شێوەی نازاران گشتت وا پێوە* |
| *نەساڵ ونەمانگ نەحەوتەونەشەو* | *نە ساتێ ئارام ئە دەیەقەی خەو* |
| *لاکەرە لاوە بین و جەمینت* | *لەسەرکام دینی بێمە سەردینت* |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**شیکاری تێکست:**

بەیتەکانی ئەم تێکستە شیعرییە پێکهاتووە لە (١٠) بەیت، هەمووی بە ووشەکانی (ئاخ لەیل) کۆتایی هاتووە. لەم سیاچەمانەیەشدا هەمان وشە زیادکراوەکان بوونی هەیە کە لە تێکستەکەدا هێڵیان بەژێردا هاتووە و لەلایەن سیاچەمانەچڕەوە زیاد کراون، کە پێشتر لە سامپڵی ژمارە (١)دا هۆکارەکەی ڕوونکراوەتەوە. ئەگەر وشە زیادکراوەکان لابرێن، بڕگەی شیعرەکان هەمووی دەبێتە کێشی پەنجەی (١٠) بڕگەیی. بەڵام بە وشە زیادکراوەکانەوە دەبن بە کێشی جۆراوجۆر کە دابەش دەبن بۆ ئەم کێشانە (١٨)ی هیجایی، (١٧) و (١٥) و (١٢)ی هیجایی یان بڕگەیی. سەرواى شیعرەکانیش بە وشە زیادکراوەکانەوە گشتی بە پیتی (ل)ی نەبزوێن کۆتایی هاتووە کە لە جۆری (مەسنەوی - جووت سەروا)ە، بەڵام ئەگەر وشە زیادکراوەکان نەبن، ئەوا بەیتی (١-٢-٣-٤) بەپیتی (ت)ی نەبزوێنی جووت سەروا کۆتاییان دێت، بەیتی (٥-٦) بە پیتی (ە)ی بزوێنی کورتی جووت سەروا کۆتاییان دێت، هەروەها بەیتی (٧-٨) بە پیتی (و)ی بزوێنی کورتی جووت سەروا کۆتاییان هاتووە.

**٢: ئاواز**

A. هێڵکاری ڕێڕەوی ئاوازی سیاچەمانەی (خواڵەداد).




هێڵکاری ژمارە (٣): گرافی ڕێڕەوی دەنگەکانی سیاچەمانەی (خواڵەداد) لە ڕستەی ئاوازی (a)دا

هێڵکاری ڕێڕەوی دەنگیی سیاچەمانەی (خواڵەداد) لە (٤) دەنگ پێکهاتووە، کە بریتین لە (سیβ - سی Ɉ - دۆ - ڕێβ) ($B\beta^4$ - BɈ - $C^5$ - $D\beta^5$)، ئەم (٤) دەنگەش بە نموونەی نۆتەی موزیک لەسەر پلیکانەی موزیک بەم شێوەیەی لای خوارەوە دەنووسرێت:

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)



نموونەی ژمارە (٥)

ئەوەی کە لەهێڵکارییەکەدا دیارە، تەنها یەک ڕستەی سیاچەمانەکەیە، کە خۆی لەبنەمادا (٤) ڕستەی سەرەکییە، پێکهاتووە لە ڕستەی (a – a1- a2- a1)، لە نموونەی ژمارە (٤)دا بە ڕوونی دەستنیشان کراوە. هەر چوار ڕستە سەرەکییەکەی سیاچەمانەی (خواڵە داد) ڕێڕەوی دەنگەکانی هەمان شێوەن، واتە بەشێوەیەکی گشتی جێگیرە، لێرەدا توێژەران بە پێویستی نازانن هەمان نموونە دووبارە بکەنەوە، وەک بۆ ڕستەی یەکەم لە نموونەی ژمارە (٥) ئاماژەی پێدراوە.

B.  ئاماژەکردن بە مۆد یان مەقام یان پەیژەی ئاواز.

بەپێی ئەو دەنگرێژییەی بەردەستە و تێبینی کراوە لەلایەن توێژەرانەوە، مۆد یان مەقامی سیاچەمانەی (خواڵەداد) لە (٤) دەنگ پێک دێت، بەڵام یەکێک لەو دەنگانە جۆرێکە لە دەنگی (عابر) واتە (تێپەڕە) و لەڕووی مۆد یان مەقامەوە ڕەگەزێکی ناتەواوی هەیە، ئەمەش وا دەکات تەنها بۆ لێکدانەوەی مەقامەکەی پشت ببەسترێت بە (مەزەندە) کردن، هەر بۆ ئەم مەبەستە توێژەران لەڕێی وەرگرتنی ڕاوبۆچوونی هەندێک شارەزا، دوو ئەنجامی جیاوازیان لە بۆچوونەکانیان بەدی کردووە، بۆ نموونە: لایەنی یەکەم پێی وایە کە مەقامی ئەم سیاچەمانەیە دەکەوێتە سەر نەغمە (گۆشە)ی موخالف لەسەر پلە دەنگی (سی نیوبیمۆڵ - ئەوج). وەک لە نموونەی ژمارە (٦)دا ئاماژەی پێدراوە:

ئاوازی موخالف لەسەر پلەدەنگی (سی نیوبیمۆل - ئەوج)



نموونەی ژمارە (٦)

لایەنی دووەمیش پێی وایە کە لەبەرئەوەی دەستپێکی سیاچەمانەکە بە (سی β) ($B\beta^4$) دەست پێدەکات و پاشان بە دوایدا دەنگی دوای خۆی بە چارەکە دەنگێک سەروو خۆی دێت (سی نیوبیمۆڵ ( ˩B)، بەدوای ئەوانیشدا هەردوو دەنگی (دۆ و ڕێβ) دێت، ئەگەر وەکوو ڕەگەزێک وەرگیرێت، ئەو

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

چارەکە دەنگە شـــتێکی لاوەکییە و ناچیتە چوارچێوەی ڕەگەزەکەوە، هەربۆیە وادادەنرێت کە ڕەگەزەکە بەم ڕیزبەندییە دەست پێدەکات (سیβ – دۆ - ڕێβ) و دەنگێکیشی نادیارە کە دەنگی (میβ)ە، لەم بارەدا دەبووە ڕەگەزی (نەهاوەند لەســەر پلەدەنگی ســیβ) وەک نموونەی ژمارە (٧)، بەڵام لەبەر ئەوەی دەنگی (میβ) تێـدا نییە، تەنها وەکو ئەگەر تەمـاشـــا دەکرێـت، ئەگەرێکی دیکە ئەوەیە کە نزیکە لە (گرێی هومایۆن) لەسەر پلە دەنگی (سیβ)، بەم شێوەیە (سیβ - دۆ - ڕێβ - می - فا)، بەپێی ئەوەی کە هەموو کۆتاییەکی سیاچەمانەکە بە دەنگی (سیβ) کۆتایی هاتووە وەک نموونەی ژمارە (٨)، بەڵام گرفتەکە هەر دەمێنێت، چوونکە لێرەدا نە دەنگی (می) بوونی هەیە نە دەنگی (فا)، ئەم بابەتەش بۆ خۆی ناوازەیە و ئەگەر میانەکان شیکاریان بۆ بکرێ ئەوا لەڕووی زانستییەوە میانەگەلێکی لەو جۆرە بوونی نییە.

ڕەگەزی نەهاوەند لەسەر پلەدەنگی (سیβ - عەجەم)



نموونەی ژمارە (٧)

گرێی هومایۆن لەسەر پلەدەنگی (سیβ - عەجەم)



نموونەی ژمارە (٨)

## ٣: هێڵی (پەراوێز)ی ئاواز (Melodic contour)

ئەگەر هێڵی جووڵەی ئاوازی ســیاچەمانەی (خواڵەداد) پیشــان بدرێت ئەوا بەم شــێوەیەی لای خوارەوە کلێشەی هێڵی میلۆدی دەبیندرێت:

سیاچەمانەی خواڵەداد




هێڵکاری ژمارە (٤): هێڵکاری ئاوازی خواڵەداد

ئەوەی کە ڕوونە لە ئاوازی (خواڵە داد)یشـــدا جۆری جووڵەی ســـەرچووی تیادا بەدی دەکرێت، هەروەها جۆری جووڵەی خوارچووی تیادایە، بەڵام بەشێوەی ڕەوتی نەوەک بازدان.

**٤- پێرفۆرمەنسی دەنگی لە سیاچەمانەدا:**

ئەگەر بە وردی بڕوانرێتە نموونەی ژمارە (٤) و هێڵکاری ژمارە (٣) زۆر بە ڕوونی ئەوە دەبینرێت و هەستی پێدەکرێت کە سیاچەمانەچڕ (عوسمان کەیمنەیی) چەند توانیویەتی هەناسە درێژانە بڕگەکان بچڕێت و هەناسەی قەتیس بکات تا ئەو کاتەی تەواوی بڕگەی شیعری تایبەت بەو سیاچەمانەیەی تەواو کردووە، کە ئەمەش لە نموونەی (١) کە لەلایەن (شەفیع کەیمنەیی) چڕدراوە بەشێوەیەکی کورتتر بەدی دەکرێت.

## ٤- ئەنجام :

1. چنینی موزیکیی لە هەردوو سیاچەمانەکەدا (مۆنۆفۆنی Monophonic)، واتە تەنها ڕستەیەکی موزیکییە و هیچ ئامێرێک یان دەنگێک هاوشانی ناکات، سیاچەمانەچڕ پشت دەبەستێت بە تواناکانی خۆی بەتەنها.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

2. لە هەردوو سیاچەمانەکەدا تێکست وشەی زیادەی خراوەتە سەر، واتە تێکستە (١٠) بڕگەیەکە ژمارەی بڕگەکانی زیادیان کردووە بۆ زیاتر لە ئاستی خۆی. هەروەها تێکستی هەردوو سیاچەمانەکە بە وشەی (ئازیز لەیل و ئای لەیل) و (ئاخ لەیل) کۆتایی دێت.
3. لە ڕووی مەقام یان ڕەگەزەوە جیاوازی بەدی دەکرێت لە نێوان سیاچەمانەی (خاڵ سیاو لەیل) و (خواڵداد).
4. لە بەشی ڕێڕەوی دەنگەوە لە نێوان هەردوو سیاچەمانەکە جارێکی دی جیاوازی بەدی دەکرێت، کاتێک بە وردی بڕوانرێتە دەستپێکردن لە سەرەتای سیاچەمانەکان و ناوبەندەکانیان و شێوازی کۆتایی هاتنیان، بۆ نموونە لە سیاچەمانەی (خاڵ سیاو لەیل) دا دەستپێکرن بە چڕین بە میانەیەکی (دووانی) لە پلەدەنگی (سی بۆ لا) بەرەو خوارەوە دەستپێدەکات، بەڵام لە سیاچەمانەی (خاواڵەداد)دا بە پلەدەنگی (سی بیمۆڵ بۆ سی نیوبیمۆڵ) بەرەو سەرەوە دەسپپێدەکات.
5. هەمان بابەتی پەیوەست بە جیاوازی سیاچەمانەکان لەڕووی ئاوازەوە، بەشی هێڵی پەراوێزەکانیش دەیسەلمێنن کە جۆرێک لە جیاوازی لەنێوان هەردوو سیاچەمانەی (خاڵ سیاو لەیل) و (خواڵداد) دا بەدی دەکرێت، بەڵام جیاوازییەک کە زۆر بە کەمی هەستی پێدەکرێت.
6. جیاوازی بەدی دەکرێت لە نێوان سیاچەمانەچڕەکان لەڕووی هەناسە درێژی بۆ تەواو کردنی بڕگەی شیعری سیاچەمانەکان. بۆ نموونە سیاچەمانەچڕی (خواڵەداد) هەناسە درێژترە لەچاو سیاچەمانەچڕی (خاڵ سیاو لەیل – سەوزەی گەڵا گوێز).

## ٥- دەرئەنجام :

1. تێکست ڕۆڵی خۆی دەگێڕێت لە دەرخستنی ئاستی شارەزایی و ئەزموونی سیاچەمانەچڕەکان، دەکرێ لە ڕێی بڕگە و وشە زیادکراوانەی کە سیاچەمانەچڕ لە نێو بڕگەکانی سیاچەمانەدا بەکاری دێنێت، ئەوە دەرکەوێ کە شارەزایانە کارەکەی ئەنجام داوە یان نا، هەروەها هەندێ بڕگەی شیعری دەری دەخەن تا چەن ئەو سیاچەمانەچڕە شارەزای تێکستی ڕەسەنی ئەو سیاچەمانەیەیە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

2. هەر سیاچەمانەچڕێک بە ئارەزووی خۆی تێکست بۆ سیاچەمانە دادەنێت و جێگیر نییە، هۆکارەکەشی ئەوەیە کە سیاچەمانەچڕەکانی پێشوو گەلێکیان نەخوێندەوار بوون، کەئەمەش وای کردووە تێکستە ڕەسەنەکان بە ئاستەم لەوانی دیکە جیا بکرێنەوە.
3. کۆتاییهاتنی سیاچەمانە بە وشەی (ئازیز لەیل و ئای لەیل) و (ئاخ لەیل)، خەسڵەتێکە کە سیاچەمانەی پێ جیا دەکرێتەوە لە فۆرمەکانی دیکەی گۆرانی هەورامی.
4. سیاچەمانە لەڕووی مۆد یان پەیژەی موزیکییەوە زیاتر لە چواریلەی یەکەمی پەیژەکانی موزيك چڕینی لەسەر دەکرێت، بەتایبەتیش لەسێ پلەدەنگی یەکەمی ڕەگەزی یەکەمی ئەو پەیژەیە، کە لەنێوان چواریلەکانی (نەهاوەند - کورد - بەیات).
5. پاشان دەرکەوتنی ڕێژەی زۆری میانەی یەکی (هاوچین) (Unison)و دووانی بچوک، بەشێوەی ڕەوتی و کەمتر دەرکەوتنی میانە بەشێوەی بازدان، نیشانەن بۆ پێشینەیی و دێرینی فۆرمی سیاچەمانە لە هەوراماندا.
6. لەبەراوردکردنی ڕێڕەوی دەنگەکانی هەردوو سیاچەمانەی (خاڵ سیاو لەیل) و (خواڵەداد) جیاوازییەک بەدی دەکرێت لەشێوازی چڕینی سیاچەمانەکان، کە زۆر بە کەمی هەستی پێ دەکرێت، ئەمەش ئەو ڕاستییە دەردەخات کە سیاچەمانەچڕەکان کاریان لەسەر یەک فۆرمی سیاچەمانە کردووە، بەڵام لەبەر ئەوەی کە پێشتر سیاچەمانەیەک نەبووە بە نووسراوی و پەیوەست نەکراون بۆ ئەوەی لەسەری بڕۆن بە وردی، هەروەها زۆرێکیان لە کۆنەوە تا وەکو ئەم سەردەمەش سینە بە سینە هەڵگری ئەم ئاوازە بوون، ئاشکرایە کە یان زیادە یان کەمکردنەوە دەکەن لەچڕینیدا، ئەویش بەپێی توانای هونەری و سەلیقە و زیرەکی کەسی سیاچەمانەچڕ.
7. هەناسە درێژی خەسڵەتێکە بۆ نیشاندانی ئاستبەرزی و لێهاتووی و شارەزایی سیاچەمانەچڕەکان.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## سەرچاوەکان:


1. بۆرەکەیی، سدیق (٢٠٠٨)، مێژووی وێژەی کوردی، چاپی٢، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.
2. تەقی، جەلال و ئەوانیتر (٢٠٠٩)، فەرهەنگی تەقی، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.
3. تیتون، جیف تود (٢٠١٨)، عوالم من الموسیقی، ط١، المرکز القومي للترجمة، القاهرة.
4. حاج امینی، بهمن (٢٠٠٢)، موسیقی کردهای هورامان، چاپ أول، مؤسسەی فرهنگی، هنری ماهور، تهران.
5. حەمەخورشید، فوئاد حەمە (٢٠٠٨)، زمانی کوردی و دیالێکتەکانی، چاپی١، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
6. عوسمان، دارا محەمەد (٢٠١٠)، مێژووی موزیکی هەورامان، چاپی ١، بەرگی ١، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
7. عەباسی، جەلیل (٢٠٠٨)، ئاهوورامان، چاپی ١، چاپخانەی خانی، دهۆک.
8. کاکەیی، فەلەکەدین (٢٠١٥)، کۆبەرهەم، چاپی١، بەرگی٣، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
9. کۆمیتاس، ئارچیماندرایت (٢٠٢٠)، بەرهەمێکی دێرینی (میلۆدییە کوردییەکان – ١٩٠٣ز)، ئامادەکردنی: کارزان محەمەد، چاپی١، سلێمانی.
10. کوێخا ڕۆستەم، ئەیوب (٢٠١١)، هەورامان ، بەرگی ١-٢، چاپی ٣، چاپخانەی کۆردۆنیا، سلێمانی.
11. کوێخا ڕۆستەم, ئەیوب (٢٠٢١)، هونەری ژیان لە هەوراماندا، چاپی ١، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.
12. نەبەز، جەمال (٢٠١٩)، فەلسەفە و ڕامانی یارسانی لە فەرهەنگ و کۆمەڵگەی کوردەوارییدا، چاپی٣، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.
13. هەورامی، ڕەشید (١٩٧١)، هەلالە برایمەی هەورامان، چاپخانەی راپەڕین، سلێمانی.


### سەرچاوەی کتێبی ئینگلیزی:


1. Gunter, Michael M (2004), *Historical Dictionary of the Kurds* .USA - Lanham, Maryland: SCARECROW PRESS, INC.
2. Kim, Haejin (2011), Organ Improvisation for Church Services: A Survey of Improvisation Methods from 1900, hereby submit this original work as part of the requirements for the degree of Doctor of Musical Arts in Organ, B.M. Presbyterian Seminary and Theological Seminary, Seoul, Korea M.M. University of Michigan.
3. Sheyholislami, Jaffer 2015. *THE KURDS.* Edited by Alexander Schahbasi - Thomas Schrott. Vienna / Austria: Wolfgang Taucher - Mathias Vogl - Peter Webinger.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

4. Titon, J. T., & Slobin, M. (2009). The music-culture as a world of music. *Worlds of Music: An Introduction to the Music of the World's People. Ed. JT Titon. New York: Schirmer Books*.

**توێژینەوەی زانستی:**

1. احمدی، مهدی، (٢٠١٢)، سیاوچمانه، دانشگاه هنر، تهران- ایران.
2. الملاح، محمد علی رضـــا (٢٠١٦)، مفهوم التكوين في الموســـيقى، جامعة اليرموك، كلية الفنون الجميلة، قسم الموسيقى، أردن.
3. نظری, اشکان (٢٠١٢)، بررسي سه آواز در موسيقي هورامان - (سیاچەمانە، وردەبەزم، چەپڵە)، پایان نامه جهت دریافت درجه کارشناسی نوازندگی موسیقی ایرانی، تهران.

**گۆڤار و ڕۆژنامەکان:**

1. ئەمینی، حەمە ڕەشی (٢٠٠٦)، فەرهەنگی گۆرانی کوردی و کورتەباسێ لە سیاچەمانە، گۆڤاری ئاهورا، ژمارە ٢، سنە.
2. بەیانی، فاتمە و ژینۆ شەریفی (٢٠١٩)، پیرشالیار، گۆڤاری هۆنە، زانکۆی کوردستان، ژمارە ٤ و ٥، سنە.
3. ڕەشـید، بەختیار حســەین (٢٠١٩)، گرنگیو لایەنی مۆراڵی موزیک لە کۆمەڵگای مرۆڤایەتییداو کۆمەڵگای کوردی بە شێوەیەکی تایبەت، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، زانستە مرۆڤایەتییەکان، ژمارە ٦٠.
4. شـــاکراغا، امانج غازی (٢٠٢٢)، تایبەتمەندییە هونەرییەکانی گۆرانی و موزیکی کەلەپووری و میللیی کوردی، گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان، بەرگی ٢٦، ژمارە ٥.
5. لوقمانی, ڕەحیم (٢٠١١)، گۆرانی هۆرامان و تایبەتمەندییەکان، گۆڤاری هەورامان، ژمارە ٢٢، چاپخانەی کۆردۆنیا، سلێمانی.
6. نەزیری, ئەحمەد (٢٠٠٦)، هەورامان بۆ ؟، گۆڤاری ئاهورا، ژمارە ٢، سنە.
7. هەورامانی، هۆشمەند قادر (٢٠١٤)، سیاچەمانە وەک بەڵگەیەکی مێژوویی لەسەر ڕەسەنایەتی هونەری کوردیدا، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ئەدەب و هونەر، ساڵی ٢٣، ژمارە، ٦٢٩٩.
8. هرمز، میسم (٢٠١٠), عنصرا الايقاع واللحن في الموسيقى والغناء تحليلا ونقدا، مجلة الأكاديمي، عدد ٥٥.

**سایت و ماڵپەڕە ئەلکترۆنییەکان:**

ئوسوڵیان، فازڵ (٢٠١٥)، ناسنامەی زمانی کوردی، بەرگی ٣، بەشی ٧-١٠، بەرواری سەردانیکردنی سایت ٢٠٢٢/٨/٢. (https://en.calameo.com/read/00507151534224a8fdf3a)

UNESCO (2020), Nomination of The Cultural Landscape of Hawraman/Uramanat, UNESCO World Heritage Convention Tehran. (https://whc.unesco.org/en/list/1647/documents/)

---

# Melody components and formula in the form of Syachamana in Hawraman: (Xal Syaw Lail and Xwaladad as an example)

**Aram Omar Mohammed**
Department of Music, College of Fine Arts, Salaheddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
aram.musicologh@gmail.com

**Asst. Prof. Dr. Ehsan Shakir Zalzala**
Department of Music, College of Fine Arts, Baghdad University, Baghdad, Iraq.
ehsan.zalzala@cofarts.uobaghdad.iq

**Prof. Dr. Saber Bakr Mustafa**
Department of Kindergarten, College of Primary Education, Suleimani University, Suleimani, Kurdistan Region, Iraq.
sabir.mustaf@univsul.edu.iq

***Keywords:*** *Music components, Music Formula, Melody, Form, Syachamana.*

## Abstract

This study aims to show the characteristics of Syachamana in terms of melody, rhythm, and text, as well as to explain the musical structure of Syachamana in terms of melody, middle notes, and graphs. The importance of this study is that the researchers try to study this special form of Hawraman songs in detail and scientifically and through the analysis of the music, rhythm, and lyrics of the music to highlight all its dimensions.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

Researchers have analyzed the music of Syachamana according to several specific criteria, resulting in several conclusions related to the content and structure of Syachamana music. This research consists of a preface and three parts; part one includes the general framework, Part two includes the introduction of geography, history, and Hawraman dialect, and part three includes topic is the research procedures, In the fourth section of the research, several conclusions, and recommendations are presented along with a summary of the study in both Arabic and English.

## عناصر و صيغة اللحن في شكل السياچمانة الهورامية: (خاڵ سياو لەيل و خواڵەداد نموذجا)

**ملخص:**
يهدف البحث الى إبراز الخصـــائص الفنية لشـــكل الســـياچمانة من حيث اللحن والإيقاع والنص، كما ويهدف الى توضـيح البناء اللحني للسـياچمانة من حيث المسـار اللحني والنوتة المركزية مع احصـائية الأبعاد والتونينا (المقام) والرسم البياني للبناء اللحني (جراف). ثم إلى أي مدى يعتمد السياچمانة على طبيعة وأجواء هورامان. تكمن أهمية هذه الدراسة في دراسة شكل السياچمانة في هورامان بشكل علمي وأكاديمي، والتركيز على جميع أبعادها، كذلك تصـنيف وتحليل اللحن وإيقاعها مع النص. قام الباحثون بتحليل لحن السـياچمانة وفقا لعدة معايير محددة، مما أدى إلى عدة اسـتنتاجات تتعلق بمحتوى وهيكل لحن السـياچمانة. يتكون هذا البحث من مقدمة البحث و ثلاثةفصـول، الفصـل الأول هو الإطار العام للبحث، أما الفصـل الثاني يتضـمن مقدمة عن الجغرافيا والتاريخ واللغة - لهجة هورامان، والفصـل الثاالث يتضـمن اجراءات البحث، وفي الفصـل الرابع، تم تقديم العديد من الاسـتنتاجات والمقترحات والتوصيات مع ملخص الدراسة باللغتين العربية والإنجليزية.